## گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد سەبارەت بە

# کۆنگرەی دووەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

پرسیار/ سەرەتا با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین کە لە ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیدا هاتووەو دەڵێ بەشداری هەمووان لە کۆنگرەدا ئازادەو هەموو کەس دەتوانێ وەکو چاودێر ئامادەبێت، ئەمە جیگای سەرنجە بۆ هەموان، ئەم بریارە چۆن‌و لەسەر چ بناغەیەك دراوە؟

ریبوار ئەحمەد/ بڕیاری بەستنی کۆنگرە بڕیاری پلنۆمی ١١ی کۆمیتەی ناوەندی بوو کە لە کۆتایی مانگی ئایاری ڕابردوودا گیرا، بەڵام ئەو کات وردەکاریەکەی سپێردرا بە مەکتەبی سیاسی، دواتر لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی سەرەتای ئۆکتۆبەردا بە دروست بریاردرا کە کۆنگرە لە کوردستان بەم شێوەیە بگێریت‌و بەشداری هەموانیش تیایدا ئازادبێت. ئەم بریارەش وەکو هەنگاوێکی گرنگ‌و پێشڕەوانە پێشوازی لێکراوە.

لە ڕاستیدا دەبوو نهێنی بوون‌و دەرگا داخستنی کۆنگرەی حزبێکی سیاسی جێگای سەرنج‌و پرسیار بوایە، نەك پێچەوانەکەی. بەڵام بە پلەی یەکەم بە هۆی ئەو سەرکوتە سیاسیەی کە بە تایبەت کۆمۆنیستەکانی ناچار بە نهێنی‌کاریی کردووەو بە پلەی دووەمیش بە هۆی ئەو سوننەتە چەپە تەقلیدیەوە کە ملی بەمە داوەو خۆی لە پەراوێزی کۆمەڵگا گیرکردوە، ئەوەندە سوننەتی نهێنی کاری‌یان کردوە بە باو، کە ئێستا هەنگاوێکی بەم جۆرەی ئێمە ببێتە جێگای سەرنج‌و پرسیار. ئەگینا بەبڕوای من کۆبونەوەی فراوانی کادرانی حزبێکی سیاسی گریخواردوو لەگەڵ کۆمەلگاو مەسەلەو کێشەکانی، کۆنگرەیەك کە بریارە باسەکانی پەیوەست بێت بە چارەنوسی خەلك‌و کۆمەلگاو خستنەرووی ڕێگاچارەی کێشەکان، ئەگەر بریاربێت لەو کۆنگرەیەدا لەسەر ئەو مەسەلانە قسە بکرێ‌و بریاربدرێت کە بە تەواوی پەیوەست بە ژیان‌و چارەنوسی خەلك‌و کۆمەلگان، ئیتر بۆ دەبێ لە پشتی دەرگاوەو دوور لە چاوی خەلك‌و هێزە سیاسیەکانی دیکە بەڕێوە بچێت؟

ئەم کۆنگرەیە کۆبونەوەی گروپ‌و فیرقەیەکی رۆشنبیری لاوەکی نیە کە دانیشن‌و لەسەر مەسائیلی پەیوەست بە زهنی خۆیان‌و بۆ خۆیان قسە بکەن، بەلکو بریارە کۆنگرەی حزبیکی سیاسی جدی پەیوەست بە خەلك بێت. بۆیە دەبێ خەلك بتوانێ دەستی پێ‌ی رابگات‌و لە باس‌و بریارەکانی ئاگاداربێت‌و هەتا بتوانێ بەشداری‌و قسەی تیا بکات. ئەمە لە هەمانکاتدا هەنگاوێکە بۆ ئێمە لە رێرەوی پێشرەوی حزب‌و کۆمۆنیزمدا بەرەو دەرکەوتن وەکو حزب‌و بزووتنەوەیەکی سیاسی گەورەو کاریگەر. هەنگاویکە بۆ دابران‌و دوورکەوتنەوەی یەکجاری لەو سوننەت‌و قەیدو بەندانەی کە هەولیانداوە کۆمۆنیزم لە خەلك‌و ژیانی رۆژانەی خەلك، هەروەها لە چارەنوسی کۆمەلگاو چینی کریکار دووربگرن. لەم بارەیەشەوە بە هەموو توانا بە سەرکوت‌و دیکتاتۆریەت‌و شکەنجەو ئیعدام‌و بەگەرخستنی جۆرەها ئیمکانیەت‌و شیواز هەولیانداوە هەل‌ومەرجیکی نهینی بۆ هەلسورانی کۆمۆنیستی داسەپینن تا خەلك بێبەش بن لەوەی کە بتوانن کۆمۆنیزم وەکو بەدیل‌و ئایندەیەکی باشتر بۆ خۆیان هەلبژێرن. ئەوەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ حزب‌و بزووتنەوەیەکی سیاسی کە دەسەلاتی سیاسی‌و پیکهینانی ئالوگۆری بنەرەتی لە ژیانی خەلك‌و کۆمەلگا مەسەلەو مەشغەلەی سەرەکی بێت.

هەلتەکاندنی ئەو قەیدو بەندانەو خولقاندنی هەل‌ومەرج‌و فەزا بۆ کاری ئاشکراو دانانی حزب لە بەردەستی خەلك، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ حزبیك کە بیەوێ ببیتە حزبێکی جەماوەری‌و گەورەو بەهیز. ئیمە دەزانین ئەو واقعیەتە چیە کە نهێنی کاری بەسەر کۆمۆنیستەکاندا فەرز کردوە، بەڵام هەرگیز نامانەوێ ملی پێبدەین‌و دووریەکی زۆریشمان هەیە لەگەل ئەو سوننەتەی چەپ کە زۆرجار ئەمە وەکو رەوشتیکی مەبەدەئی خودی کۆمۆنیزم نیشاندەدەن. کۆمۆنیزمی کرێکاری هەمیشە هەولیداوە ئەو رەوشت‌و سونەتانەی چەپی تەقلیدی وەلابنێ‌و ئەم کۆنگرەیەش هەنگاوێکی گەورەیە لەو رێرەوەداو لە پێناو شکڵدان بە حزبیکی سیاسی بەهیزدا. بە تایبەت ئەمە هەنگاویکە کە حزبی ئێمە لە سەرەتای دەورەیەکی بە خۆکەوتنەوەی جدیدا هەڵیدەگرێت. دەورەیەك

که دوای تێپەڕاندنی جۆرەها ڕێگری و تەنگەبەری و سەختی، وە سەرئەنجام هاتنەدەرەوەیەکی خاراوتر دەست پێ دەکات و هەر لە سەرەتاوە ئومیدەواریەکی زۆری خولقاندوە.

پرسیار/ هەر لەم پەیوەندەشدا جگە لەوەی کۆنگرە عەلەنیەو بەشداری تیایدا ئازادە، ژمارەیەکی زۆریش لە ئەحزاب و ریکخراوەو کەسایەتی جۆراوجۆر بۆ ئامادەبوون وەکو چاودێر بانگێشت کراون، ئەمە بە چ مەبەستێکەو پێوانەکان بۆ بانگێشت کردن چین؟

رێبوار ئەحمەد/ مەبەست لەمە قولکردنەوەو بەرجەستەتر کردنی هەمان ئەو ئامانجەیە کە لە پێشەوە باس کرا، ئێمە جگە لەوەی دەرگا بە رووی هەمووواندا دەخەینە سەرپشت، لە هەمانکاتدا بەتایبەتیش لایەن و رێکخراوەو کەسایەتییەکان بانگیشت دەکەین بۆ هاتن و ئامادەبوون. ئەمە جەختی ئیمەیە لەسەر ئەوەی کە دەمانەوێ کۆنگرەکەمان لەبەردەستی هەموو کەس و هەموو بزووتنەوەو حزبە سیاسیەکان دابنێین و بە پیش چاوی هەموانەوە بەریوەی بەرین، ئەوانیش ئەگەر بیانەوێ دەتوانن بێن و لە نزیکەوە شایەتی کۆنگرەو باس و پلیمیکەکانی بن و هەتا بەشداری تیادا بکەن. بەم جۆرە ئیمکانی ئەوەش دەدات بەوان کە هەلسەنگاندنی دەقیقترو دروستر لەسەر ئیمە بکەن، لە نزیکترەوەو باشتر بمانناسن و کۆنگرەکەمان بخەنە ژێر چاودیری وردەوەو بەم پێیەش هەتا سیاسەتی خۆیان بەرامبەر ئیمە لەسەر بناغەیەی ئاشنایەتیەکی زیاتر، رۆشنترو هوشیارانەتر دیاری بکەن.

لە هەمان کاتدا ئەمە هەولێکە بۆ جێخستنی بناغەی فەرهەنگیکی سیاسی تازەو مودێرن و جیاوازو بالاتر لەوەی کە تا ئیستا بووە لە نیو ئەحزابی سیاسیدا. ئەمە رچە شکاندن و پیشەنگیەکە کە کۆمۆنیزم دەستی بۆ بردوە لە کۆمەلگادا. ئیمە هاتووین ئەو مافە دەدەین بە ئەحزاب و خەلکی دیکە کە بتوانن بین لە نزیکەوە چاودیری کاریکی گەورەو حەساسی حزبی ئیمە بکەن، هەر بەم پێیەش ئەوە بە حەقی خۆمان دەزانین کە لەگەل فەرهەنگیکی سیاسی مودێرن و بالای ئەحزابی دیکەدا رووبەڕووبین. لە دوا ئەنجامدا ئەوەی کە بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی رادیکال و یەکسانیخوازو ئازادیخواز هەرچی زیاتر لە نزیکەوە بناسریت، ئەوەی کە فەرهەنگیکی سیاسی هەرچی بالاتر لە کۆمەلگاو لە نیو ئەحزابی سیاسیدا رەواج پەیدا بکات، لە پیشدا بەرژەوەندی خەلك و کۆمەلگا و هەر بەم مانایەش بەرژەوەندی خودی کۆمۆنیزمی تیادا فەراهەم دەبیت.

لە بارەی پیوانەمان بۆ بانگیشت کردنەکان، لە روانگەی ئیمەوە جیاواز لەو لایەن و کەسایەتیانەی کە دوورونزیك بۆنی رژیمی بەعسیان لی دیت، هەروەها جیاواز لە رەوتە ئیسلامیەکان کە نیشانیانداوە لەگەل ئینسانیەت نایەنەوەو ئەهلی دیالۆگی سیاسی نین، هەروەها جیاواز لە دەسکەلاکانی ئەمریکا کە زیاتر لە ١٠ سالە نەخشەو سیاسەتی کوشتاری خەلکی عیراق و ویرانکردنی ئەم کۆمەلگایە بەریوە دەبات و ئیستاش خەریکی گەورەترین پیلانی دژی ئینسانیە بەرامبەر ئەم خەلکە، ئیتر هەموو ئەحزابی سیاسی سەر ساحەی عیراق و کوردستان، هەموو ریکخراوە جەماوەریەکان و دامەزراوەکان و کەسایەتی سیاسی و رۆشنبیری بانگیشت دەکەین بەبێ لەبەرچاوگرتنی رادەی دووری و نزیکی سیاسیان لەگەل ئێمە. پیمان خۆشە هەموو بێن لە کۆنگرەکەماندا میوانی ئیمەبن، هیوادارین هەمووبێن و ئیمەش پیشوازیان لی دەکەین.

پرسیار/ داواتان کردوە هەرکەسیك بیەوێ بەشداری بکات دەبێ لە پێشەوە ناوی خۆی بنوسیت، مەبەست لەمە چیە ئایا هیچ قەیدو شەرتیکتان هەیە؟ تا کەی خەلك دەتوانن ناو بنوسن.

ریبوار ئەحمەد/ ئەوەی کە داواکراوە هەرکەس بیەوێ بەشداری کۆنگرە بکات دەبێ لە پیشەوە ناوی خۆی بنوسیت، پەیوەندی بە قەیدو شەرتەوە نیە، بەلکو پەیوەندی بە ئامادەکاریی عەمەلیی کۆنگرەو ریکخستنی پیداویستیەکانی بەشداری کردنیانەوە هەیە. ئامادەکاری بۆ بەریوەبردنی کۆنگرەیەکی فراوان کە چەند رۆژێك دریژە دەکیشێ، لایەن و پیداویستی زۆری هەیە، بۆیە پیویستە لە پیشەوە حەجمی بەشداربوانمان لا رۆشن بیتەوە تا بەپێی ئەوە بەرنامەی بۆ دابریژین. جگە لەمە ئیمە هیچ مەرجیکمان نیە بۆ بەشداری کردن. هەرکەس

بیەوێ ئامادەبیت ئێمە لە بارەی بیروباوەڕو پەیوەندی ڕیکخراوەیی و سیاسیەوە پرسیارو لیکۆلینەوەی لەگەل ناکەین. تا ئیستا ژمارەیەکی بەرچاو ناوی خۆیان نوسیوەو ئیمەش پیشوازیمان لی کردووون، زۆربەی زۆری ئەو بەریزانەی ناویان نوسیوە لە کوردستانن، هەلبەت بەریزانیکی زۆریش لە دەرەوەی ولات ئارەزووی بەشداریکردنیان دەربریوە بەلام بەهۆی جیگای گۆنگرەکە کە کوردستانە ئامادەبوون بۆ ئەوان سەختی تیایەو بە داخەوە زۆرکەس دوای پرسیار کردن لە بارەی شوێنی بەستنی کۆنگرەوە، لەبەر ئەم هۆیە نەیانتوانیوە ناوی خۆیان بنوسن. هەروەها دۆستانیك کە ئیستا دانیشتوی ناوچەکانی ژیر دەسەلاتی ڕژیمی بەعسن دیسان بەداخەوە هاتنیان بۆ کوردستان سەختەو بۆ زۆربەیان مەترسی تیدایە، بەو هۆیەوە بەداخەوە جیگایان خالی دەبیت لە کۆنگرەکەماندا.

لە بارەی مۆلەتی ناو نوسینەوە ئیمە رۆژی ٣٠ نۆڤەمبەرمان وەکو دوا مۆلەت دیاریکردوە، چونکە ئەوەمان لەبەرچاوگرتووە کە کاتی پیویست بە دەستەوە بمینێ بۆ ئامادەکاری عەمەلی بەپێی ژمارەی ئامادەبووان، هیوادارین تا ئەوکات هەموو ئارەزوومەندان بتوانن ناوی خۆیان بنوسن. خۆ ئەگەر بینیمان کەسانیك دوای ئەو بەروارە داواکاربوون و لیژنەی ئامادەکاریش توانی پیداویستی ئامادەبونیان دەستەبەربکات هەولدەدەین بە پێی ئیمکان مۆلەتەکە دریژ بکەینەوە.

پرسیار/ دەربارەی ئەمنیەتی کۆنگرە بە تایبەت ئەوەی کە لە کوردستان دەبەستریت، کە هەرچەندە ئیستا فەزاکەی بریك ئارامترە، بەلام دیسان ناوچەیەکی حەساسەو جۆرەها باندی تیرۆریستی جۆراوجۆری سەر بە دەولەتانی تیایە، ئەمنیەتی کۆنگرە چۆن دابین دەکریت.

ڕێبوار ئەحمەد/ ئەم مەسەلەیە بە ووردی لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە دراوەتە بەرباس و لیکۆلینەوەو هەموو لایەنەکانی لیکدراوەتەوە، بەم پێیەش نەخشەو ئیبتکاراتی جۆراوجۆرو پیویست بۆ ئەم مەسەلەیە گیراوەتە پیش و تیمی تایبەت بۆ پاراستنی ئەمنیەتی کۆنگرە ئامادەو ساز دراوە. لە هەمانکاتدا ئیمە بە نامەی رەسمی دەزگا بەرپرسەکانمان لەم بارەیەوە ئاگادار کردووەتەوەو ئامادەیی خۆمان نیشانداوە بۆ هاوئاهەنگی و هەر ئیجرائاتیکی پێویست، کە بەپێی مەنتق دەبێ ئەمەش کۆمەك بکات بە پاراستنی ئەمنیەتی کۆنگرە. لە هەمان کاتدا دنیای دەرەوەش لە ئاستیکی فراواندا لە بەستنی کۆنگرەکەمان لە کوردستان ئاگادارەو ئەحزاب و ریکخراوەو کەسایەتیەکی زۆر بە تایبەت ئەوانەی ئاشنایەتیان لەگەل حزبمان هەیە لە ولاتانی ئەوروپایی و کەنەداو ئوسترالیاو ئەمریکا، بە بایەخەوە سەرنجی ئەم کۆنگرەیە دەدەن. جیاواز لە مانە ئامادەیی پیویست بۆ ئەوە وەرگیراوە کە هەر کردەوەیەکی تیرۆریستی بەرامبەر بە کۆنگرە وەلام بدرێتەوەو پووچەڵ بکرێتەوە. بە هەرحال ئیمە هەموو بەشداربوان دلنیا دەکەین لەوەی کە هەل‌ومەرجیکی ئەمنی گونجاو گیراوەتەبەرو بە شیوەیەکی باش ئەمنیەتی کۆنگرە دابین دەکەین.

پرسیار/ ئەو مەسەلانە چین کە بریارە لەم کۆنگرەیەدا باسیان لەسەر بکرێ و دەستوری کۆبونەوەکانی کۆنگرە چیە؟ هەروەها باسی ئەوە کراوە کە هەرکەس دەتوانێ بریارو بریارنامەو پیشنیار بخاتە بەردەم کۆنگرە، بریك ئەمە زیاتر روون بکەرەوە.

ڕێبوار ئەحمەد/ بێگومان بەپێی ئوصول خودی کۆنگرە لە سەرەتای کارەکانی خۆیدا بریار لەسەر باسەکان و دەستوری کۆبونەوەکانی دەدات. ئیمە لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە دەستوریکی پیشنیاریمان ئامادە کردوە کە چەند بەلگەنامەو باسی لە خۆی گرتووە. ئەمە لەگەل هەر پیشنیارێکی دیکەدا کە بە دەستمان دەگات دەخرینە بەردەم کۆنگرە تا بریاری لی بدات. ماوەیەك پیش کۆنگرە باس و بەلگەنامە پیشنیاریەکان دەخریتە بەردەستی نوینەران و پیشکەشکەری باسەکانیش دەناسینرین. ئەمە کۆمەك دەکات بەوەی کە نوینەران لەسەرەتای کۆنگرەدا بە ئاگاداری و ئامادەییەکی باشترەوە بریار لەسەر باس و دەستوری کۆبونەوەکان بدەن و دەخالەت لە باسەکانی بکەن.

بێگومان بە پێی ئوصول کۆنگرە لە پیشدا دەستەی بەریوەبەر دیاری دەکات‌و شەرعیەت بە نوینەران دەبەخشێ‌و پاشان دەستوری کۆبونەوەکان‌و شیوەی بەریوەبردنیان دەبرێنێتەوە. دواتر جگە لە ووتاری کردنەوەی کۆنگرەو راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی، بەپێی ئەو دەستورە پیشنیاریەی باسم کرد چەند باس‌و بریارنامەمان دەبیت دەربارەی: زیاتر لە ٣٠ سال حاکمیەتی رژیمی بەعس‌و ریگای کۆتایی پێ هینانی‌و بەرپاکردنی جمهوری سۆسیالیستی، ١٠ سال سیاسەت‌و نەخشەی ئەمریکا بەرامبەر عیراق، کۆبەندی لە ١٠ سالی رابردووی هەل‌ومەرجی سیاسی کوردستان، پیویستی خەبات دژی ئیسلامی سیاسی، ئەنجامگیری لە باسی پیویستیی ئارایشیکی سیاسی-حزبی تازە بۆ کۆمۆنیزمی کریکاری لە عیراقدا، هەل‌ومەرجی دنیای عەرەب پاش ١١ی سەپتەمبەرو ئەرکەکانی ئیمە، لەگەل ئەو بریارو بەلگەنامەو پیشنیارانەی کە دەخرینە بەردەم کۆنگرە، ئاخرین بەندیش هەلبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی تازەی حزب دەبیت.

لە بارەی ئەوەی کە هەموو کەس دەتوانێ بریارو بەلگەنامەو هەر پیشنیاریکی هەبیت بیخاتە بەردەم کۆنگرە، پیم وایە مەسەلەیەکی سادەیە، ئیمە کاتیك دەرگامان بە رووی هەمواندا کردوەتەوەو بانگیشتمان کردوون بۆ بەشداری، مانای ئەوەیە بواریان پێ دەدەین هەر قسەو پیشنیاریکیان هەبیت بتوانن بیخەنە بەردەم کۆنگرەو سەرنجی کۆنگرەی بۆ راکیشن. بەلام دەبێ ئەوەش رۆشن بیت کە وەکو راگەیەنراوە رۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر دوا مۆلەت بوو بۆ وەرگرتنی هەر بەلگەنامەیەکی پیشنیاری، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بتوانین پیش وەخت هەموو بەلگەنامە پیشنیاریەکان بخەینە بەردەم نوینەران. بۆیە دوای ئەو بەروارە ئیتر مۆلەت بۆ ئەمە نامینیتەوە.

پرسیار/ چ چاوەروانیەکتان لەم کۆنگرەیە هەیەو پیتان وایە ئەم کۆنگرەیە چ کاریگەریەکی دەبیت لەسەر ژیان‌و هەلسورانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری‌و چ ئالوگۆریك پیکدەهینێ؟

رێبوار ئەحمەد/ پیم وایە بەر لە هەرشتیك کۆنگرە دەتوانێ هەنگاویکی گەورە بیت لە ریرەوی گۆرینی حزب بە حزبیکی سیاسی جەماوەری کاریگەری سەر ساحەی سیاسی، دەتوانێ هەنگاویکی پیشرەوانەی دیکەبیت بۆ داماڵین‌و هەلتەکاندنی پاشماوەی سوننەتە دەست‌و پێگرەکانی چەپی تەقلیدی. هەنگاویکی گەورە دەبیت لە پتەوکردنی پەیوەندی حزب لەگەل کۆمەلگاو خەلك‌و چینی کریکارو خەلکی زەحمەتکیش‌و جووت کردنی زیاتری مەسەلەو مەشغەلەکانیان لەگەل یەکتری.

لە هەمانکاتدا مەسەلەیەکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە ئەم کۆنگرەیە لە هەناوی هەل‌ومەرجیکی سیاسی زۆر حەساسدا دەبەسترێ کە ئەم کۆمەلگایەی لەسەر لیواری ئالوگۆریکی گەورە داناوە، بە تایبەت مەبەستم لە سیاسەتەکانی ئەمریکاو هەرەشەکانیەتی بۆ پەلاماردانی عیراق، کە ئاکام‌و ئەنجامی سیاسی‌و کۆمەلایەتی گەورەی لی دەکەویتەوە. هەر بەم پێیەش ئەرکی گەورەو حەساس دەخاتە ئەستۆی حزبی ئیمە. ئەم کۆنگرەیە دەبێ بە تایبەتی سەرنجی ئەم مەسەلەیە بدات، سیاسەت‌و ئەرکەکانی حیزب لەم بارەیەوە دیاری بکات‌و لە هەمووی گرنگتریش ئەوەیە ئامادەییەکانی حزب بەریتە ئاستی پیویست بۆ بەرەنگاری لەگەل ئەم رەوەندەی کە بەریوەیە. من ناتوانم بلیم ئەم هەل‌ومەرج‌و ئالوگۆرانە فرسەتیکی تازە بۆ کۆمۆنیزم دەخولقینێ چونکە بەراستی سەروبەری سیاسەت‌و کارکردی ئەمریکا بەرامبەر ئەم کۆمەلگایە بە توندی دژی خەلك‌و کۆمۆنیزمەو لە هەموو روویەکەوە دەبیتە هۆی ویرانی‌و پەرەپیدانی کۆنەپەرستی، بەلام ئەم رەوەندە لە هەمیشە زیاتر هاتنەمەیدانی سیاسی چالاك‌و کاریگەر لە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری دەخوازێ، چونکە ئەم حیزبە تاقە رووناکی نیو ئەم رەوەندە تاریکەیە، ئەگەر بریاربیت هیزیك تاریکی لەسەر ئەم کۆمەلگایە برەوێنێتەوەو رووناکیەکی پێ ببەخشێ، ئەوە هەر ئەم حیزبەیە. هەر بەم پێیەش ئامادەییەکی لە هەمیشە زیاتری ئەم حزبەی دەویت. بۆیە دەبێ باش لە ئاست ئەرك‌و دەوری میژوویی خۆی بجولێتەوەو بە ئامادەییەوە رووبەرووی ئەم رەوەندە بیتەوە، ئەمە مەرجی سەرەکیە بۆ بەرەنگاریەکی کاریگەر بەرامبەر کارەسات‌و ئایندەیەکی تەلخ کە ئەمریکاو هیزەکانی سەربەو خستویانەتە بەردەم کۆمەلگا. مسۆگەر کردنی ئایندەیەکی باشتر بە تەواوی بەو دەورو نەخشەوە گرێ‌ی

خواردوه كه ئەم حیزبه دەیگێڕێ. سەرئەنجام ئەوه فاكتۆرو معیاریكی گرنگه بۆ رادەی سەركەوتویی كۆنگره كه چەنده دەتوانێ له دیاری كردنی ئەمەو بردنەسەری ئامادەیی حیزبدا دەور بگیرێ.

ئەگەر فاكتۆریكی دیكەش بۆ ئەمه زیاد بكەم، هەل‌ومەرجی سیاسی ناوچەكەیه به تایبەتی رەوتی داروخانی جمهوری ئیسلامی و هاتنەمەیدانی خەلك‌و دەورو دەخالەتی حزبی كۆمۆنیستی كریكاریی ئیران له نیو ئەو رووداوانەدا. ئەگەر ئەم دوو حزبه له پال یەكەوه به دروستی و بەوردی بجولینەوەو باش به دەوری خۆیان هەلسن ئەوا گشت هاوكیشەو سیمای ئەم ناوچەیه ئالوگۆریكی بنەرەتی تیا پیكدیت به قازانجی ئازادی و ئینسانیەت‌و یەكسانیخوازی. ئەگەر ئەم كۆنگرەیه دەركەوتنیكی گەورەی حزب‌و هەنگاویكی گەوره بیت بۆ خۆ ئامادەكردن به وینەی حزبیكی سیاسی كه دەزانێ چی بكات‌و چۆن بڕواته پیش‌و چۆن سەركەوێ، ئەوكات بێ‌گومان هەلسورانی سیاسی و كۆمەلایەتی حزب ئالوگۆریكی بنەرەتی بەسەر دیت.